www.kurdistannet.org

# ڕوعب و جوعمه

حەمەسەعید حەسەن

شاعیر دەبێت بە زمانێک بنووسێت، لە زمانی ئینسانێکی باڵا بچێت. ئینسانی باڵا هەیە یان نا؟ ئەمە جێی مشتومڕە، وەلێ ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت، کە شیعر بە زمانێکی باڵا دەنووسرێت. شیعر بە زمانی کۆڵان نانووسرێت، بە زمانی دیوان دەنووسرێت، بەو زمانە بەرزەی لە دیوانی (نالی) یان (گۆران)دا چاومان پێی ڕۆشن دەبێتەوە.

دەست بدەینە باڵی ئەو (مێلورە) تۆزاویانەی

کە لە (تونیاندا) لەسەر گەڵا چەورەکانی کوزەڵە دەخزێنە نێو خورەی چەم.(١)

وەک ڕێنووس لەو دێڕ و لەتەدا چوار هەڵە هەیە و وەک ڕێزمانیش دوو هەڵە.* با دەست لە یەخەی ڕێنووس و ڕێزمان کە هیوا قادر نازانێت دەکەونە کام گۆشەی دنیاوە، بەر بدەین و بێینە سەر ئەوەی هێشتا زمانی پاک نەبووەتەوە و لە بری مێرووله، (مێلوورە) و لە جیاتی تینوو، (توونی) دەبێژێت! ئەمەش تەواو وەک ئەوە وایە لە بری ڕوبع، (ڕوعب) و لە جێی جومعە، (جوعمە) بڵێین.

کابرایەک لە ئوپسالاوە کە شارێکی زانکۆییە لە سوێد، لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت: (ئێمە بە ناهەق تفەنگ بە تاریکەشەوەوە نانێن.)(٢)

بەو زاتە کە تەنیا بە هەق! تفەنگ بە تاریکەشەوەوە دەنێت، دەڵێم: تەقە لە تاریکەشەو کردن، هەق و ناهەقی تێدا نییە و هەمیشە کارێکی گەوجانەیە. کاکیلە خۆ کەس بە زەبری چەک ناچاری نەکردووی (تفەنگ بە تاریکەشەوەوە نان،) بخەیە ڕستەوە، (کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی، لە مەعنای ئیدیۆم(٣) نازانی،) مەنووسە! بێجگە لەمە تۆ لە شارێکی زانکۆیی دەژیت، باشتر نییە، تفەنگ دابنێیت و دەست بدەیتە بەخێوکردنی کۆتری ئاشتی؟ دوو سەدەیە سوێد لە هیچ شەڕێکدا بەشدار نەبووە، ئیدی تۆ ئەم شەڕەتەقەیەت لە چییە؟

لایەنی هاوبەشی نێوان هیوا قادر و ئەم تفەنگچییە کە بەردەوام (لە ماڵەوە فیشەک دادەگرێتەوە) و مل بۆ ئاگربەست نادات، تەنیا لاوازیی کوردییەکەیان نییە، (پۆست)یشە، ئاخر هیوا بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕەهەندە کە تاقمی (پۆست)مۆدێرنیستەکان! تێیدا دەنووسن و ئەم لە (پۆست)کار دەکات.

2003. 11. 08

(١) هۆنراوەی: ئێوارە دەڕوا و.. هیوا قادر، ٢٠٠٣/١١/٦ سایتی دەنگەکان.

(٢) بۆ بەڕێز چوستی محێدین ٢٠٠٣/١١/٦ ماڵپەڕی کوردستان نێت.

(٣) idiom: دەربڕینێکە لە ڕێی زانینی واتای وشەکانییەوە، مەبەستەکەی ڕوون نابێتەوە.

* هەڵەی ڕێنووس: مێلوورە، نەک مێلورە. تۆزاوییانەی نەک تۆزاویانەی. تووینیاندا نەک تونیاندا. کووزەڵە نەک کوزەڵە. هەڵەی ڕێزمان: لەسەر گەڵا چەورەکانی (کووزەڵەوە،) نەک کووزەڵە. (چەمەوە،) نەک چەم.